# نامەیەکی غەمگین لە پای بڕینی پەرچەمی کچان

نووسینی:شێرزاد حەسەن

ئەرکی سەرەکی پەروەردە ئەوەیە مرۆڤێکی وەها دروست بکات کە هەڵگری هەموو خەسڵەتەکانی مرۆڤدۆستیە، مەرجە خەڵک و خاکی خۆی خۆش بوێت، لەوەتەی یەکەم قوتابخانە لە کوردستان و عێراق کراوەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هاتنی ئینگلیز کە دێت عێراق دەخاتە ژێر رکێف و قەڵەمڕەوی خۆی کە لەو سەردەمەدا وتراوە هەرگیز خۆر لە سەر ئەو خاکانەدا ئاوا نەبووە کە "بریتانیای مەزن" داگیری کردوون. ئینگلیز لەگەڵ خۆیدا شەمەندەفەر و پرد و قوتابخانەش دەهێنێت، گومانی تێدا نیە کە ئەو سیستمە (میلیتاری) سەربازی بووە، کە دیارە ئینگلیز بە تەواوی لە ساڵی 1929 خۆی جێگیر دەکات، ئینگلیز لە 1958 کە فەرمانڕەوای پاشایەتی دەڕووخێنێت عێراق و کوردستان بە جێدەهێڵێت، بەڵام ئەو سیستمە سەربازییە وەک خۆی دەمێنێتەوە کە دەکرێت بڵێین لە هەموو دونیادا بۆ سەدەها ساڵە پەیڕەو کراوە، یەکێک لە هەرە پایە توند و تۆڵەکانی ئەم سیستمە پیاوسالارییە، بە واتایەکی دیکە باوکسالاری بووە، کە تیایدا رۆحی توندوتیژی لە دڵ و دەروونی نەوەکاندا چاندووە، هەڵبەتە وڵاتی ئێمە وەک یەکێک لە وڵاتە رۆژهەڵاتییەکان رۆحی زەبر و زەنگ لە هەموو خانە کۆمەڵایەتییەکاندا بەرکەماڵە و خودی مارکس ئاماژە بە "ستەمی رۆژهەڵاتی" دەکات کە جیاوازە. لای خۆمان بەر لە مەکتەب خانەی پەروەردە و فێرکردن (حوجرە) بووە کە دیسانەوە زەبر و زەنگ ئامرازێکی پەروەردە کردن بووە، بە واتا چ حوجرە بوو بێت و چ قوتابخانە لە سەر سزادانی فەقێکان و قوتابیان پەروەردە و فێرکردنی خۆیان بەرێخستووە، جا چ سیستمەکە لە دیسپلینێکی سەربازییانە بووبێت یان ئایینیانە کە لە مەکتەبەکان و مزگەوتەکاندا پەیڕەو کراوە، گەرچی دەکرێت بە درێژایی ئەم مێژووەی پەروەردە مامۆستا و مەلای میهرەبان هەبووبن، کەواتە رۆحی زەبر و زەنگ هەموو ژینگەی قوتابخانەکانی داگیر کردووە، هەر لە

دیزاینی_تەلارسازی قوتابخانەکانەوە تا دەگات بە پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی و شێوەکانی هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەکانەوە کە ئەویشیان هەر سزاکارییە (عقابی).

بەر لە حوجرە و قوتابخانە، خێزان/ ماڵ یەکەمین مەڵبەندی چاندنی هەوەس و مەیلی توندوتیژییە لە ناو دڵ و دەروونی کچ و کوڕاندا، ئێمە یەک خانەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەییمان نییە بێبەری بێت لە زەبر و زەنگ، گرفتەکەش لێرەدایە کە نەوەکان یەک لە دوای یەک میراتگری ئەو ڕۆحە ترسناک و سزاخوازەن، وەک چۆن هەموو ماک و خەسڵەتە جەستەییەکان لە باوانەوە دەگەنە فەرزەندەکان، ڕۆحی توندوتیژیش، چ لە ناو خوێندا هەبێت و چ لە ژینگەوە بۆمان بێت، زۆر گران لە ناو دەچێت، نەک هەر ئەوە بەڵکو لە ناو خوێدا زاووزێ دەکات، بە شێوەیەکی هیرارکی (قوچەکی) لە سەرەوە بۆ خوارەوە دادەبەزێت، تەونێک و تۆڕێک لە شەڕانگێزی دروست دەکات کە دەرچوون تیایدا زۆر زەحمەت دەبێت، چونکە قۆناغی منداڵی و ژیان لە ناو ئەو تۆڕە گەورەیە لە توندوتیژی لە سەر شەڕانگێزی پەروەردەمان دەکات. دەروونناسەکان کۆکن لە سەر ئەوەی کەسییەتی مرۆڤ لەو سەردەمە ناسکەی قۆناغی منداڵی ڕەنگی خۆی وەردەگرێت، لەوەشدا مێ و نێر بە هەمان ڕۆحی سزاخوازانە گەورە دەبن، هەر بۆیە هیچ سەیر نییە کۆمەڵێک مامۆستای ئافرەت قژ و پەرچەمی ژمارەیەک لە کچە قوتابییەکان دەبڕن بە ناوی پاراستنی (حەیا و حورمەت) ەوە.

گەرچی وا باوە کە پیاوەکان لە خانمەکان بە زەبر و زەنگترن، کە لە ڕووی زانستیەوە تا ڕادەیەک لە ڕاستی تێدایە، بەڵام چ مێ بێت و چ نێر هەمیشە ژینگە و ژیانی دەوروبەر ڕۆڵی هەیە لە قووڵکرنەوەی ئەو ڕۆحە شەڕانگێزە، هەر لە خێزانەوە تا دەگات بە هەر هەموو ئەو خانە و مەڵبەندانەی منداڵەکان بەخێو دەکەن، دیارە ناکرێت "حیزب" لەو خانانە دەربکەین، بە تایبەتی لە کوردستاندا کە بە درێژایی مێژووی خۆیان حیزبە کوردستانیەکان مەڵبەندی چاندنی دوژمنکاری و براکوژی و خوشکوژی بوون، **هیچ کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە حیزبە کوردییەکان، لە کوردستانی باشووردا، هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە ڕۆحی دردۆنگی و مەرگدۆستی و دۆستکوژی و سیاسەتی خوێنرشتنیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا**، لەوەشدا پارتی و یەکێتی بەشی شێریان بەردەکەوێت، هەر لە میانی هەڵبژاردندا کە دەکرێت شارستانییاتە بەڕێوە بچێت، کەچی لە هاوینی (2009) ەوە تا هەنووکە، یان گەر بگەڕێینەوە

سەرەتای راپەڕین و هەڵبژاردنی یەکەمەوە، هەر لە شەڕە پەڕۆ و جنێونامە و خوێن رشتنی یەکدی تاقی کراوەتەوە، لە نۆزدە ساڵی رابردووەوە تا هەنووکە دەستەڵاتی کوردی رۆحی شەڕانگێزی بەرپا کرد و تا دێت تۆخی دەکاتەوە، هەتا گەر رۆحی زەبرو زەنگ و سزا خوازانە دیار و بەرچاو نەبێت، لە ژێرەوە کاری خۆی دەکات و هەر ئەوەیە کە جارجار بۆ ماوەیەک دەخەوێت، بەڵام زیندووە.

هەر نۆرمێکی کۆمەڵایەتی دەرئەنجامی ژینگە و فەزای گشتییە، ئەو چەند خانمەی کە پەرچەمی کچەکانیان بڕیوە پەروەردەی ماڵێک و مزگەوتێکن، بێ خوێندنەوەی ژیانی ئەوان زەحمەتە بزانین بۆچی توانیان مقەست بخەنە قژی کچەکانەوە، لە یەکەمین قوتابخانەی روشدیە و فەیسەلییەوە لە کوردستان یەک هەقایەتی قژ بڕینی کچان ناخوێنیتەوە، کچان لە نیو سەدە لەمەوبەرەوە وێنەیان ماوە لە ئەرشیفی قوتابخانە کۆنەکاندا، زۆربەی سەرو پرچی دیارە، کەچی لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا و لە هەزارەی سێیەمدا لە (بنەسلاوە- هەولێر) کە پڕە لە باڵەخانەی بڵند لە سەر دیزاینی سەردەمیانە، چەند خانمێک کچان سزا دەدەن، لەو کچە منداڵکارانە دەگەیەنن کە جیاوازی (پرچ وە عەورەت) نییە، هەر دووکیان مەرجە داپۆشرێن، ئەمەیان بێ پرۆژەیی و بێ بەرنامەیی ئێمەیە لە پەروەردەدا کە لە 19 ساڵی رابردوودا نەمانتوانی مامۆستایەکی مۆدێرن بخەینە ناو مەکتەبەکانەوە کە بڕوای بەوە بێت مەرجە سەرو پرچ بە دەرەوە بن و هەتاو لێیان بدات، لە پشت ئەو رۆحە سزا خوازانەوە "ئیسلامی سیاسی" قیت وەستاوە، فەرمانڕەواکانیش بە سەرکردە و بنکردەکانەوە خامۆش و خۆش خەیاڵن کە هەولێر دەکەن بە "دوبەی"، لە ناو شارەکاندا پردی گەورە و باڵەخانەی بڵند دورست دەکرێن، کەچی لە نێو قوتابخانەکاندا کچ و کوڕی ترسنۆک و شەرمن و گرگن و بێ پرسیار و گومان دروست دەکەین، ماڵ و مزگەوت و مەکتەب و حیزب چوار کارگەی خەساندنی رۆحی کچ و کوڕەکانمانن، فێریان دەکەین چۆن ملکەچ و گوێڕایەڵ و بێ زمان و چاو و گوێ بن، چۆن دەستەڵاتخواز بن نەک وڵاتپاێز، نەوەیەکی تۆراو و تووڕە و غەمگین، یەکێک لەو مەڵبەندانەی کە ژیاندۆستی لە ئێمەدا دەکوژێت قوتابخانەیە.

دوای 32 ساڵ کارکردنم لە گۆڕەپانی پەروەردەدا گومانێکم نەماوە کە لای ئێمە ژنان بە قەد پیاوەکان وەک مامۆستا شەیدای زەبرو زەنگ و هەراسانکردنی کچ و کوڕەکانن، چەند ساڵێکە لە خولی راهێنانی مامۆستاکان وانەیەکی ئازادم هەیە کە پتر قسە لەسەر توندوتیژی دەکەم، لە راپرسی ساڵانەدا بۆم ساغ

بۆتەوە کە هەتا مامۆستایانی تازە دامەزراویش بڕوایان بەوە هەیە پەروەردە و فێرکردن بێ جۆرێک لە چاوسوورکردنەوە و هەڕەشە و جنێو و لێدان فەراهەم نابێت، تاک و تەرایان بڕوای وایە میهرەبانی و خۆشەویستی کاریگەرترە لە دڵڕەقی، لەو 32 ساڵەدا ژنە مامۆستاکانم بینی لە داخ و قەهری زەمانە و سەدەها هۆکاری نادیار و ئاشکرا بە جۆرێک لە جۆرەکان تۆڵە لە کچ و کوڕەکان دەکەنەوە، دیارە لە بەرامبەر ئەوەدا پیاوەکان کوشندەتر لە سەر ئەوە پەروەردە بوون کە ترساندن و سزا چاکترین دەرمانە، ئەوەیان بڕاوەتەوە کە مرۆڤی غەمگین و تووڕە ناتوانێت ئەوانی دیکە ئاسوودە بکەن، ئێمەش کارگەیەکمان هەیە کە ژن و پیاوی غەمگین و تووڕە دورست دەکات. لەوەدا مەبەستم نییە مامۆستاکان بە مێ و نێرەوە تاوانبار بکەم، چونکە هەر لە سەرەتاوە وتم کەس زادەی ژینگەیەکی پاک و تەمیز و تەندورست نەبووە، من خۆم قوربانی خانەوادەیەکم کە پڕ بوو لە توندوتیژی، پتر لە چڵ ساڵە هەوڵدەدەم و سەرگەرمی خوێندنەوەم تاوەکو ببمە مرۆڤ وەلێ هێشتا سەرەتای ئەو سەفەرەیە و زۆرم ماوە. بە کورتی خودی مامۆستاکان خۆیان بە منیشەوە قوربانی دۆخێکی نالەبارو ناڕێکی رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگین، ترسەکە لێرەدایە کە هەموو قوربانییەکی دەست زەبرو زەنگ دەکرێت ببێت بە جەللاد و شەڕانگێز و سزاخواز، جا چ جای ئەوەی کە کۆی ژیانی ئێمە نوقمە لە توندوتیژی، ئێمە وەک خدە و خوو و رەوشت و رەفتارمان قۆناغی راوشکاری و شوانکارەیی بە جێنەهێشتووە، هێشتا بە رۆحێکی دەرەبەگییەوە مامەڵە لەگەڵ کچ و کوڕەکانمان دەکەین کە پایەکانی لە سەر ترس و تۆقاندن و زەبرو زەنگ وەستاون، خودی رۆحی بەرگری و شەڕی کورد بە درێژایی سەدەها ساڵ لە بەرامبەر داگیرکارەکانی خەڵک و خاکەکەی وایکردووە دڕ و شەڕانگێز بێت، خودی ترس لە نەمان بۆ خۆی فاکتەرێکی گەورەیە بۆ خولْقاندنی رۆحێکی جەنگاوەرانە لە مرۆڤدا. لە پشت دڵڕەقی ئەو مامۆستایانە میراتێک لە ترس و شەرم و توندوتیژی خۆی حەشار داوە، ئەم رووداوە قژ بڕینی چەند کچە قوتابییەکم بیر دەخاتەوە کە دیسانەوە چەند خانمێک دوو ساڵ لەمەوبەر لە "خۆرماڵ" هەمان رەفتاریان نواندبوو، سزاکەش لە پای دەرکەوتنی پەرچەمی ئەو کچۆڵانە بوو، لە هەر دوو کێشەکەدا چ لە "خورماڵ" و چ لە "بنەسلاوە" بەوە کۆتایی هاتووە کە دەیانگوێزنەوە بۆ قوتابخانەیەکی دیکە کە کەس نازانێت لەوێندەریش لە پای ئەو گواستنەوەیە چ تۆڵە و رقێک دەنوێنن، رەنگە دەست نەدەنە مەقەست، بەڵام

دەیەها شێوازی دیکە هەیە کە کچەکان و کوڕەکانی پێ هەراسان بکەن، ئەمەیان تەمبێ کردن نییە بەڵکو خۆشکردنی ئاگری کینە و رقە لە نێو دڵی ئەو خانمانەدا، لە هەموو دونیادا کەسانی وا چاکترە بچنە بیمارستان بۆ چارەسەر یان لە ناو پۆلەکانی قوتابخانە دوور بخرێنەوە، گەرچی چارەسەری راستەقینە دروستکردنی مامۆستایەکی هاوچەرخ و میهرەبان و مرۆڤدۆست و زانستخوازە.

ئێمە وەک چۆن هەوڵماندوە پرۆگرامی خوێندن بگۆڕین، بیرمان لەوە کردۆتەوە کە دیزاینی تەلارسازی قوتابخانەکان بگۆڕین کە هەموو پێویستییەکانی ئەم سەردەمەی تێدا بێت، تاقیگەکان دەوڵەمەند بکەین، بە واتا هەموو پێویستییە مادییەکانی پەروەردە و فێرکردن فەراهەم بکەین، بە هەمان ئەندازە دەتوانین پەرە بە توانا مرۆییەکان بدەین کە یەکێک لەوانە پەیوەندی قوتابی و مامۆستایە کە لە سەر خۆشەویستی و میهرەبانی بنج دابکوتێت، هێشتا ئێمە لە کوردستان نەمانتوانیوە لە پرۆگرامی خوێندندا ئەو ژینگەیە دورست بکەین کە دوا ئامانجمان سازدانی رۆحی ئاشتیخوازی بێت، کەلتووری ئاشتی لە هەموو دونیادا یەکەمین خەمی پەروەردەیە لە تەک ژینگەپاراستن، کەچی بۆ ئێمە هێشتا رێژەی کەوتن و نەکەوتن، جیا کردنەوەی منداڵان لە یەکدی و ناوەزەد کردنیان بە تەمبەڵ و زیرەک. سەرباری ئەوە زۆربەی هەرە زۆری مامۆستایان دژ بە ئارەزووی خۆیان بوونەتە مامۆستا کە ئەوەش رق و بێزاری دروست دەکات، چونکە هەر لە سەرەتاوە بە زۆر فڕێ دراونەتە ناو ئەو بەش و کۆلێژانەی کە حەزی پێناکەن هەر بۆیە زەحمەتە داهێنەر بن و ئاسوودە وانەکان بڵێنەوە و لە تەک قوتابییەکاندا میهرەبان بن. کەواتە رۆحی ئاشتیخوازی گرنگە بخرێتە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە، چاودێری بەردەوامی رەفتاری مامۆستاکان جێگەی بایەخە و کۆمەڵناسەکان و دەروونناسەکان لە ناو قوتابخانەکاندا پێویستن، گەڕانەوە بۆ ناوماڵەکان و ورد بوونەوە لە کێشە و گرفتی کچ و کوڕەکان کە مەڵبەندی یەکەمی توندوتیژییە کاریگەری هەیە، هەر بۆیە کڕین و قەرزکردنی عەقڵەکان لە دەرەوە و هاوردنی بۆ ناو کوردستان بە نیازی مەشق و راهێنانی مامۆستاکان رۆڵی گەورەی هەیە، چونکە لە هەموو دونیادا گرفتی گەورەی پەروەردەکاران رێگە گرتنە لە بەرپابوونی توندوتیژی. پێویستە دەستەڵات لە باڵاترین ئاست و پێگەدا بایەخی ئەم گرفت و کێشانەی ناو پەروەدە بزانن و هەموو توانا مادی و رۆحییەکانی پێویست بە سازاندنی ژینگەیەکی تەندروست فەراهەم بکەن، مەرجە بزانین چ فەلسەفەیەکی پەروەردە و کام

قوتابخانەی فیکری و کام مۆدێلی فێر کردن پەیڕەو بکەین چاکە، کاری سەرەکی وەزیر و شاندی پەروەردەیی ناو پەرلەمان و پەروەردەکارانی پسپۆڕ و راوێژکارەکانە کە لەم بوارەدا هاوکارین. کردنەوەی هەموو دەرگا و پەنجەرەکانە بە سەر پێشکەوتنەکانی جیهانی دەرەوە و کۆپیکردن و پاشان دەستکاریکردنی مۆدێلە جوانەکانە.

بۆ من کێشەی پەرچەم بڕینی ئەو خانمانە گومانم لەلا دروست دەکات کە کۆی سیستمەکە ئەم زاتانەی بەرهەم هێناوە کە ئەوەش بەڵگەیە کە دەزگای پەروەردە خۆی دەزگایەکی نا پەروەدەییە، ئەگینا ئەم زاتانە چۆن زاتیان دەکرد، مەرجە گومان لەم پەیمانگا و زانکۆیە بکەین کە ئەوان تیایدا خوێندنیان تەواو کردووە، جگە لە گومانکردن لەوەی مزگەوت بە مانا هەرە تەقلیدییەکەی لە هەموو دەزگا پەروەردەییەکان کاریگەری پترە، چونکە سەرپۆش بەم چەشنەی لە کوردستان پەیدا بووە وەک رەمزێکی ئایینپەروەری تەماشا دەکرێت، ئەوەش دژی مافی مرۆڤ و سەربەستی تاکە کەسییە بەوەی کە تۆ کچەکان ناچار بکەیت لەچک بکەن کە هیشتا مندال َن، دەستەڵات و حیزبە کوردییەکان گەرچی بانگەشەی عەلمانیەت و عەقڵی سەردەم دەکەن وەلێ زۆر دەستە پاچە و هەژارن، لە هەموو وتارەکانی سەرکردەکاندا دوو رستە نادۆزیتەوە سەبارەت بە فەلسەفە و روانینیان بۆ پەروەردە.

ئەوەی لە بنەسڵاوە کراوە نەدەبوو وا سادە تێپەڕێت، دەبوو ببێتە جێگەی مشت و مڕ و شیکردنەوەی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆجی بۆ بکرێت، لە سەر لاپەڕەی رۆژنامە و گۆڤارەکان، لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە تاووتوێ بکرایە. ئەوەی کە بووە و کراوە ترس و شەرم دروست دەکات، بە هەزارەها کچ خەتەنە دەکرێن کە زۆریان لە قوتابخانەن، ئەویش وەک پەرچەم بڕین و سەرتاشینە کە خامۆشانە تێدەپەڕێ و کەس خۆی ناکات بە خاوەنی، ترساندنی ئەو کچانە و هەراسانکردنیان وا دەکات لە دوا رۆژدا کە دەبنە فەرمانبەری دەزگاکان هەر ملکەچ و شەرمن و ترسنۆک بن، کە شووش دەکەن و منداڵیان دەبێت، کچ و کوڕی ترسنۆک و ملکەچ و شەرمن و شەڕانگێز دەخەنە ناو ژیانەوە. ملکەچ پێکردن و تۆقاندن سیاسەتی سەرەکی پەروەردەی ئێمەیە چ لە ماڵ و چ لە مەکتەب و چ لە ناو حیزب و چ لە ناو مزگەوتدا، پەروەردە مەرجە کار بۆ نەهێشتنی جیاوازییەکان بکات. چ چینایەتی بێت، جێندەری، مەزهەبی، نەتەوەیی، و . هتد، خودی پەرچەم بڕینەکە وا لە کچەکان دەکات خۆیان بە کەمتر بزانن لە

کوڕەکان، هەر لە ترسی دروستکردنی جیاوازی ئایینی و جێندەری، مێژووی ئایینەکان بخوێندرێت چاکترە، چونکە پەروەردەی تاک ئایینی ڕۆحی بە پیرۆز کردنی لایەنێک دروست دەکات کە هەموو ئەوانیدیکەی پێ کافرە، جگە لەوەی کە مەزهەبگەرایی مەترسییەکی گەورەیە لە سەر ئایندەی کچ و کوڕەکان، گەر عیسا و مووسا پێغەمبەری خودان بۆچی وەک مێژوو نەخوێندرێ "بوودا" یان " بوزا" کە پەیامبەرێکی سەر زەمینییە و ملیۆنەها کەس پەیڕەوی حیکمەتەکانی دەکەن. بۆچی دەبێ بە منداڵانی کوردی نەناسێنین؟ گرفتی ئایین و ئیسلامی سیاسی لە وڵاتی ئێمەدا "دۆگما" یەکی دروست کردووە کە عەقڵی پەکخستووە، چونکە بواری گومان و پرسیار نادات، یەقین پەرستە و حەقیقەتیش تەنها یەک دیوی هەیە. هەر بۆیە سەیر نییە لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا "تیرۆر" بۆتە خەسڵەتی ناسینەوەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامی. یەکێک لەو دەزگایانەی کە کارگەی خولقاندنی تیرۆر و ڕۆحی شەڕانگێزییە قوتابخانەیە، هەر بۆیە ڕۆژئاوا فشاری هێناوە و دەیەوێت وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی ریفۆرم و چاکسازی لە پەروەردەدا بکەن، هەر ئەوەشە وای کردووە عێراق لەسەر کوورەکانی دۆزەخ و گڕکانێک بوەستێت، یەک سەرچاوەیی و تاک ڕەهەندی، سیاسی بێت یان ئایینی، ڕووبەرێکی پیرۆز دروست دەکات کە دواجار بە شەڕانگێزی و کوشتارگا کۆتایی دێت. بە پیرۆز کردن نە دەهێڵێت بیر بکەیتەوە و نە چێژ لە ژیان ببینیت.

کچ و کوڕەکان بۆ هەموو نەتەوە پەروەردە دەکرێن نەک بە تەنیا بۆ بنەماڵەیەک و حیزبێک و خێڵێک، مەرجە ئازاد و دلێر و سەبەرخۆ بن.

هەمیشە ئەوەم بە یاد دێتەوە کە بۆ یەکەمین جار کە دایکم بردمی بۆ قوتابخانە، ساڵی 1958 لە رواندز بە بەڕێوەبەرەکەی وت "گۆشتی بۆ ئێوە و ئێسقانەکانی بۆ من" . گەر قەسابخانە نەبێت، چۆن هەر ساڵە و گوێت لێ دەبێت کچان پەرچەمیان قوت دەکرێت و خەتەنە دەکرێن، پاش 32 ساڵ کار کردنم لە بواری پەروەردەدا هێشتا وێنەی قەسابخانە زاڵترە لە قوتابخانە، کە گەورەتر بووم دایکم دەیوت باوکت بێباک و قومارچییە.. کوڕەکەم بخوێنە و نانێکمان بۆ پەیدا بکە، دوای وێنەی قەسابخانە و زەلیلکردنی نەوەکان یەک لە دوای یەکدی لە قسەی دایکمەوە وێنەی نانەواخانە هاتە پاڵ قەسابخانە، جگە لەوەی دیزاینی قواتابخانەکان و پرۆگرامی مردوو کە هیچ پەیوەندی بە ژیانەوە نیە وایکردووە لە پاڵ

ئەو هەموو زەبروزەنگە ببێت بە بەندیخانە، ئەگینا بۆچی قوتابیان و مامۆستایان پێکەوە ئاسوودەن کە زەنگی چوونە دەرەوە لێدەدرێت. هەمیشە دەبێ قوتابخانە لە ماڵ خۆشتر بێت، ئەگینا کوڕو کچەکان تیایدا ئاسوودە نابن، هەر بۆیە منداڵان کە لە قوتابخانە تەواو دەبن و دەچنەوە دەڵێن "بەربووین" ئەم وشەیە هەڵگری مانای دەرباز بوون دێت لە سندم و کۆت و بەند، بە واتا هەستی مانەوە بووە لە زیندان نەک ژینگەیەکی شیرین، منداڵان گەر ئاسوودە و ئارام نەبن، ناتوانن هیچ فێر بن، چونکە خەم و ئازار دان و هەراسانکردن و کچ و کوڕەکان لە ژیان و خوێندن دەتۆرێنێت، لە پەروەردەی تازەی جیهانی پێشکەوتوودا هەموو شتێک فەراهەم دەکرێت بۆ ئەوەی منداڵەکان وەک فێرخواز دڵشاد و بەرزە دەماغ بن، رێک پێچەوانەی دۆخی ئێمەیە کە بە دەگمەن لێدەگەڕێین کچان و کوڕان ئاسوودە بن .

هەر لە سۆنگەی ئەو خەم و ئازاردان و شێتکردنی کچ و کوڕەکانە لە قوتابخانەکاندا، ساڵانە راگەیاندنی کوردی گەرچی بە ترس و شەرمەوەش بێت باس لە خۆکوشتنی قوتابیان دەکات کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خەمۆکی و هەراسانکردن و ترس و تۆقین کە چ لە ماڵ و چ لە قوتابخانەکان رۆڵی باوکان و دایکان و پەروەردەکاران و مامۆستایان گومانی لە سەر نیە چەندە کوشندە و ترسناکە، رێژە هەرە زۆرەکەش بەر کچەکان دەکەوێت، من بۆخۆم بەدەر لە هەوڵی فەرمی ساڵانە بە هەمووگوند و شارەکاندا دەگەڕێم و راپرسی خۆم دەکەم، هەر بۆیە نموونە لە دوو ساڵی رابردوودا لە شارۆچکەی "عەربەت" 30 کچ هەوڵی خۆ کوشتنیان داوە و بە تەنها یەک لە سەر سێ ئەو ژمارەیە رزگاریان بووە لە مەرگ. رێکخراوی "وادی" ساڵانە رێژەی خەتەنە کردن بڵاو دەکاتەوە لە زۆر قوتابخانەدا رێژەکە لە "50% تا 90%" بەرز دەبێتەوە.

یەکەمین گوناهبار لەوەشدا دەسەڵاتی کوردییە کە خەوتووە یان خۆش خەیاڵە، لە نۆزدە ساڵی رابردوودا لە سەر ئاستی رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی کە فەرهەنگی و پەرورەدە دەگرێتەوە نەیانتوانیوە ژینگەیەکی تەندروست بسازێنن کە کچ و کوڕەکان و نەوەی نوێ ئومێد و هیوا بە ئایندە پەیدا بکات، بە پێچەوانەوە یەکێتی و پارتی دەستیان خستە ناو هەناوی ژیانی پەروەردەییمان و مۆنۆپۆلیان کردووە، وەک رووبەرێک بۆ بە حیزبیکردنی پەروەردە کاریان کرد بێ ئەوەی خەون بەوەوە ببینن کە ئەم نەویە پێویستی بەوە هەیە لەسەر ئاستی نەتەوە و بگرە جیهاندا مەرجە ئاسوودە و

زانستخواز و دلێر و ڕەخنەگر بێت، خودی دابەشبوونی قوتابیان بە سەر حیزبەکاندا پەیوەندی بە نیشتمانپەروەرییەوە نییە ئەوەندەی ملکەچیپێکردن و گوێڕایەڵییە بۆ حیزب کە بە ڕۆحی خێڵ و هێز و بنەماڵە کار دەکات. ئەو حیزبانە کە دەچنە ناو دەزگاکانی پەروەردە لە بری کچان و کوڕانی ئازاد و سەربەخۆ داهۆڵ و تووتی لە کوڕەکان و کچەکان دروست دەکەن.

کۆتر و پەپوولە و پڵنگ تا دەژین و دەمرن هەروەک خۆیانن، بەڵام مرۆڤ کە لە دایک دەبێت دەڵەمەیەکە و بە درێژایی ژیان پەروەردەی دەوێت تا لە دەڵەمەیەکەوە دەیکەی بە ئینسان.

بەدەر لە دوا چیرۆکی پەرچەم بڕینی کچان لە مانگی "شوباتی 2010 " دا بە گەڕانەوە بۆ کاروانی خۆکوژی کچ و کوڕان و شکەستەباڵ لە بەرامبەر ئەو هەموو زەبرو زەنگە، بە گەڕانەوە بۆ هەقایەتی ڕەشی قژبڕینی کچان لە "خورماڵ" هەر لەم دوو هەفتەی ڕابردوودا بەڕێوەبەرێک کە پێشتر جێگر بووە بە چەرخ دەستی چوار پێنج قوتابی سووتاندووە، پاش لێدان و کوتانیان، کە سکاڵای لە سەر تۆمار کراوە، وەڵامی ئەو زاتە زۆر سەیر بووە، زۆر خەمساردانە وتوویەتی :" من گاڵتەم لەگەڵ کردوون!"

هەفتە نییە لە سەر رووبەری لاپەڕەکان ئەم هەواڵانە نەخوێنمەوە کە دیارە بە سەدەها ڕووداوی وا ڕەش ناگاتە گوێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، زۆر جاریش دایکان و باوکان لەو مامۆستاو بەڕێوەبەرانە خۆش دەبن، بە گەڕانەوە بۆ ئەو پەندەی کە دەڵێت "گۆشتی بۆ تۆ و ئێسقانی بۆ ئێمە".

خودی پەروەردەی ئێمە پایەکەی لە سەر سزا و ملکەچییە، هەربۆیە دایکان و باوکان لە منداڵییەوە وا فێر کراون وەک مامۆستاکان کە چۆن هێستر و بزنە شێت بە تێلا دێننەوە سەر ڕێگا، بە واتا بە زەبری گۆچان و حەیزەران، هەر بە هەمان لۆجیک سزا بۆ ڕاستکردنەوەی کچان و کوڕان پەیڕەو دەکرێت، هەر لە وەڵامنەدانەوەی پرسیارەکانیان تا دەگات بە تف و جنێو و چاوسوورکردنەوە و فەلاقە کردن و دارکاری و قژبڕین و دەست و پەنجە سووتاندن و بانگ نەکردنیان بە ناوی خۆیانەوە. تا دەگات بە خستنیان لە ئیمتیحان کە دیارە بڕوایان وایە کە ئەوەیان بەشێکە لەپەروەردەی قوتابیان.

لە یادمە دایکم هەمیشە چیرۆکی ئیبراهیم پێغەمبەری بۆ دەگێڕامەوە کە چۆن چۆنی ئیسماعیلی کوڕی بەفەرمانی یەزدان ملی خۆی خستۆتە بەر چەقۆی باوکی، گەرچی باوکی من بەر لە هەموومان دایکمی

دەچەوساندەوە و ئینجا 11 منداڵەکەی، کەچی دایکمان فێری ملکەچی دەکردین، ملکەچکردن بۆ دۆخێک کە پێویست بە هەڵگەڕانەوە و ملنەدان دەکات، ئەم ملکەچییە لە ماڵەوە بیگرە تا مەکتەب و مزگەوت و شانەکانی حیزب بەرکەماڵە!

کەم و کوڕی لە کچ و کوڕەکاندا نیە، بەڵکو لە ڕۆح و عەقڵ و ئەخلاقی ئێمەدایە، لە سیستمی بیرکردنەوە و پەروەردەیدایە، ئێمە هەر هەموومان کۆمەڵێک بوونەوەری نەخۆشین کە هەرگیز ئامادە نین بۆ چارەسەری ڕۆح و عەقڵمان ڕوو لە بیمارستانەکان بکەین.

بە کچ و کوڕەکان دەڵێین تەمبەڵ وتەوەزەل کە وا نییە، سیستمێکی فێرکاری و پەروەردەیی هەیە تەمبەڵ و مردووە، سستی و بێهێزی منداڵەکان چ لە ڕووی جەستەییەوە بێت چ لە ڕووی عەقڵییەوە هۆکاری ناجۆری ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە پشتە.

جگە لە هۆکارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە عەقڵی سیاسی ڕەنگڕێژی دەکات کە ئێمە نیمانە، خەونێک بە دروستکردنی ئادەمیزادێکی نوێ کە ئێمە نیمانە، سیستمی فێرکاری و خوێندن کە لە سەر " تەلقین" بەندە، تووتی ئاسا زانیارییەکان ئەزبەر دەکەن، بێئەوەی پەیوەندییەکی تۆکمە و دامەزارو لە نێوان "تیۆرە و پراکتیک" دا هەبێت، لە نێوان ژیانی قوتابیان و حەزیان بەو کتێبانەی بەردەستیان، لەو (32 )ساڵەدا سەدەها کچ و کوڕی منداڵکارم بینی بە دەست ئەزبەرکرنی فاتیحە و تەحیات و شیعرە کوردی و عەرەبیەکانەوە گریاون، بەدەست ڕەوانکردنی و دەرخکردنی سەدەها هاوکێشەی کیمیا و فیزیا و ماتماتیک کە دوای تاقکیکردنەوە بە یەک مانگ لەبیریان چۆتەوە. نەدۆزینەوەی ئارەزووی کچ و کوڕەکان هەر لە منداڵییەوە کارەساتە، ئازاد نەکردنیان لە هەڵبژاردنی ئەو ئیش و کارانەی تیایدا بەهرەمەندن کوشندەیە، مەرجە ئازاد بن لە هەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی لە ڕشتەی خوێندا هەیە، مەرجە یارمەتیان بدرێت لە یاری و گەمە و زرمەزلێ نەکەون، لە مۆسیقا و نیگارکێشان و جۆرەها وەرزش، بە هەرەوەزی و بە کۆ تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت، نمرە نەبێتە تۆڵە و خاڵی لاوازی و خۆ بە سووک و کەمزان و کەلەپووت لای قوتابییان. ئەم سیستمی خوێندن و فێرکاری و شێوە ئیمتیحانەی ئێمە لە نیو سەدە زیاترە پەیڕەوی دەکەین دڵ سیس دەکات و عەقڵ پەکدەخات ڕۆح ماندوو دەکات، خەمۆکی و

تۆران لەژیان و خۆکوشتن بە داوی خۆیەوە دەهێنێت، یەکەمین هۆکاری هەراسان کردن ئەو رۆحی "تەلقین "ە یە !.

ئەو سیستمی قوماربازی و جەنگەیە کە دەیەها ساڵە ناومان ناوە ئیمتیحان، لە وەتەی ئینگلیز قوتابخانەی هێناوەتە ئەم وڵاتە، بە هەزاران کچ و کوڕ تۆراون لە ترسی تەلقینی پڕ لە هەڕەشە و گوڕەشە و تۆقاندن، لە ترسی ئیمتیحان پۆلەکانیان چۆلکردووە، بە هەزاران تەنها لەبەر ئەوەی دوو ساڵ لە هەمان وانەدا کەوتوون، دەرکراون، زۆر ئاسان و خەمساردانە وتوومانە "ساقیت" کە لە عەرەبی وەرگیراوە، واتە" کەوتوو" جگە لەوەی بە فاشیل و بێ ئەخلاق و دەماغسز و بەڕەڵا ناوزەدمان کردوون، سووک و سانا فایلەکەیمان داخستووە و بێئەوەی بیر بکەینەوە کە وەك ئەوە وایە کەسێکی زیندوو بخەینە ناو گۆڕێکەوە و ئاسوودەش بیت. لە راستیدا لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە مرۆڤ تیایدا سەروەرە و رێز لە مرۆڤبوون و تواناکانی دەگیرێت، هەوڵدەدەن کە توانا و بەهرە و داهینانی کچ و کوڕەکان بدۆزنەوە، بە تەنها کارامەیی و بەهرەمەندی لە یەك پیشە و لقی زانستی و زانیاریدا مایەی سەرسامی و پەرە پێدانە، بە واتا تەنها وانەیەك و بابەتێك و پیشە و هونەرێك بەسە بۆ ئەوەی کچان و کوڕان بە سەرکەوتوو بزانن، لەلای ئێمە کەوتن لەیەك یان دوو وانە بەسە بۆ ئەوەی بە تەمبەڵ ناوی ببەیت.

سیستمی خوێندن و فێرکاری شێوە و دیزاینی قوتابخانەکان و نەبوونی رووبەری سەوزایی و دار و درەخت و کوشتنی خەیاڵ و خەونی کچ و کوڕەکان و فەرامۆشکردنی وانەکانی وەرزش و مۆسیقا و وێنە کێشان وهەر هەموو هونەرەکان بە شانۆشەوە دژی جوانی و داهێنان و ژیاندۆستییە و رۆحی سزاکارانەی تاقیکردنەوە پڕە لە "سادیزم" کە نەخۆشییە، بە واتا خۆشی و چێژ بینین لە ئازاردانی کچ و کوڕەکان، قژ و پەرچەم بڕینی کچەکانی قوتابخانەی "خورماڵ و بنەسڵاوە" و دەیەها تاوانی دیکە نوقمە لە "سادیزم – لەزەتبردن لە ئازاردانی ئەوانیدیکە" کە لە رۆحێکی تووڕە و غەمگین و شەرانگێزەوە هاتووە کە دەستکردنی کۆی خانە پەروەردەییەکانە، بە ماڵ و مەکتەب و مزگەوت و حیزبەکانەوە.

لە یادمان نەچێت کە مێژووی میللەتان بە ئەوروپای کۆن و تازەوە، بە ئەمریکاوە ... بەم هەموو قۆناغە ناشیرینانە تێپەڕیون، بەڵام کە ئەو هەموو جەنگە بە ناوی خودا و سیاسەتەوە کە گەمەی ئایدۆلۆژیا و

دۆگماکان "الجمود العقائدی" له پشت ئەو کوشتارگایانەوە بوون، بە واتا عەقڵ داخستن و وشکە مەزهەبگەرایی لە ئایین و سیاسەتدا، بیریان لەوە کردەوە کە دەزگاکانی پەروەردە گوناهبارن، دوای زەریایەك لە خوێن و سەدەها ساڵ لە فرمێسك و ماڵوێرانی بیریان لەوە کردەوە کە بەخۆ بکەون و مرۆڤێکی ئاشتیخواز دروست بکەن، هیتلەر و مۆسۆلێنی و ستالین و فرانکۆ و کاسترۆ و شاوشیسکۆ و سەدەها دکتاتۆری کەللەبەران و بچکۆڵە دروست نەدەبوون گەر منداڵەکان بە کچ و کوڕەوە لە قوتابخانەکان نەخەسێندرانایە و فێری وانەکانی ملکەچی نەکرابان. لە وڵاتی ئێمە نموونەی "سەدام حوسێن" کە هەم قوربانی بوو هەم جەللاد، زادەی وەها ژینگەیەکی جەهەننەمی بوو، هەر بۆیە تا مرد حەزی لە ئاگر و ئاسن بوو.

کوردستان بەم پەروەردەی ناو ماڵ و مەکتەبەکان و هەروەها عێراقیش ئەگەری ئەوەی تێدایە سەدەها دکتاتۆر لە ئایندەیەکی نزیك و دووردا دەکەونە ناو کۆڵانەکانی ژیان، لە بەرامبەر رۆحی سادیزمدا کە خۆشی بینینە لە ئازار و قژبڕینی ئەوانیدیکە ئێمە مرۆڤێکی ماسۆشی دروست دەکەین کە چێژ لەوە دەبینێت ئازار بدرێت، دواجار کەسێکی دەستەڵاتخواز دروست دەکەین کە هەم سادییە و هەم ماسۆشی، بە واتا حەز دەکات و لەزەت دەکات و شاگەشکە دەبێت ئازاری ئەوانیدیکە بدات و لە هەمان کاتدا حەز دەکات و چێژ وەردەگرێت کە ئازار بدرێت، یادمان نەچێت کە لەناو رۆحی هەر قوربانییەك و ترسنۆکێك و فەرامۆش کراوێکدا ، جەللادێك خەوتووە. بەدیوی ئەودیودا هەموو جەللادێك و دکتاتۆرێك خۆی قوربانی و ترسنۆك و دژە ژیانە، گەرچی بە ناوی ژیان و خەڵکەوە بانگەشەی خۆشبەتی دەکات .

مقەستی دەستی ئەو مامۆستایانە و پەرچەم بڕینەکە هەر هەموو ئەو دەرد و گرێ و ئاڵۆزییانەی تێدایە کە لە پشتییەوە سیستمێکی ئەخلاقی کار دەکات کە پایەکانی لە سەر لەزەتبردنە لە ئازار و سزادان کە کۆتایی دێت بە غەمگینکردنی کچەکان و کوڕەکان و لە دواجار تۆرانێکی هەتاهەتایە لە ژیان.

لە هەموو تۆرانێك گەورەتر و کوشندەتر، تۆرانی قوتابییەکانە لە خوێندنەوە و پەیدا کردنی زانست و زانیاری، کتێب لە هەموو دونیای پێشکەوتوودا یەکێکە لە پێویستییە هەرە رۆحی و عەقڵییەکان، ئەوەشیان هەر سیستمی خوێندن و فێرکاری بەرپرسە لەو تۆرانە، چونکە رقبوونەوە لە کتێبەکانی مەکتەب چ وەك

ناوەڕۆك و چ وەك شێوە و فۆڕم بەسە بۆ ئەوەی رقی لە كتێبەكانی دەروونناسی و فەلسەفە و شانۆ و ڕۆمان و چیرۆك ببێتەوە، هەژاری كتێبخانەكانی قوتابخانەكان لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا ئامادەیی بەڵگەی هەژاری فیكری و رۆحی و عەقڵی ئێمە دەسەلمێنێت، بێئەوەی ئاگامان لە خۆمان بێت رقمان لە كتێبی پڕ لە داهێنان و جوانی هەموو دونیا دەبێتەوە كە بۆ خۆی لە دەستدانی گەورەترین چێژ و لەزەتی رۆحییە، ئەوەش وادەكات لە سەر ئەو میراتە فیكری و عەقڵییە بلەوەڕێین كە هەمانە، هەر بۆیە وەكو زەلكاوێك بۆگەن دەكەین، چونكە سەرچاوەی فیكری پاكمان نییە كە لە بەراوەكەی بخۆینەوە و گەشە بكەین، هەر ئەوەشە دەبێت بە مایەی بۆشاییەكی عەقڵی بەتاڵی رۆح و پووكانەوەی سۆز و هەستەوەری.

ئەو شەڕانگێزی و رۆحە سادیستە و سزا خوازە لە هەر یەكێك لە ئێمەدا كە هەیە بەشێكی گەورەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هیچ پەیوەندییەكی سۆزداری و خۆشەویستی لە نێوان ژن و پیاوەكانی ئەم وڵاتە، ئەم دوو توخمە گومانیان لە یەكدی هەیە و هەم لە یەكدی دەترسن، جیا كردنەوەی كچ و كوڕەكان دوای باڵقبوون و لەناو كۆڵان و گەڕەكەكاندا كە پێشتر بەیەكەوە گەمەو یاریان دەكرد كە منداڵتر بوون، یان جیا كردنەوەی كچ و كوڕە قوتابیەكان لە دوای قۆناغی سەرەتاییەوە بۆ خۆی گەورەترین ستەمە، چونكە لە ئاكامدا دوو بوونەوەری كێوی وشەرمن و ترسنۆك و عەقڵ مردوو و رۆح مادندوو دروست دەكات، كوشتەی سۆز و بێبەش لە خۆشەویستی دروست دەكات، كە تاوەكو پیر دەبێت شێت و شەیدا تەنها لە خەیاڵدا بە دوای ئاسودەگیدا دەگەڕێت، لە ئاكامدا لێرە و هەنووكە... بگرە لە كۆنی كۆنەوە نە مێ نێر دەناسێت و نە نێر مێ دەناسێت... تا كۆتایی ژیان بەد گومان و ڕقاوی دەردەچن، هەر هەمووان دەمرن و بێئەوەی تامی خۆشەویستی بكەن، هەر ئەوەشە وا دەكات زیندەگییەكی بێ تام و بۆن و رەنگ بەڕێبخەین.

لە دوا دەرەنجامدا نەمانی سۆز و خۆشەویستی مرۆڤی شەڕانگێز و سزا خواز و كینە لە دڵ دروست دەكات، مێژووی زەبر و زەنگی قوتابخانەكان بەڵگەی مردنی خۆشەویستییە.

ئاخۆ ئێمە بە بێ مەعریفەت و كتێبە گەورە و گەوهەربارەكانی جیهانی و بە رۆح و دڵێكی بێبەری لە خۆشەویستی و سۆزەوە دەتوانین مرۆڤبوونی خۆمان بسەلمێنین ؟ مەحاڵە .

"فرۆید " وەك دەروونناسێكی گەورەی نەمساوی سەبارەت بە پەروەردە و ناسینی دەروونی مرۆڤەكان و بەڕێوەبردنی ژیان و ئادەمیزادەكان باس لە سێ مەحاڵ دەكات، بە واتا سێ ئیش بۆ تێگەیشتن لە مرۆڤ كە وەك سێ دەرگای داخراو تەماشای دەكات، یەكەمیان پەروەردە كردنی مرۆڤە كە زۆر گرانە. دووەمیان شیكردنەوەی دەروونی كەسەكانە كە خۆی "فرۆید" دامەزرێنەری قوتابخانەی شیكاری دەروونی بوو، هەموو ژیانی خۆی بۆ خوێندنەوەی كێشە و گرفتەكانی ژن و پیاوەكان تەرخان كرد، هەڵبەتە ژمارەی ژنانی نەخۆش كە دەبوونە میوانی زۆرتر بوون. سێیەم مەحاڵ حوكمڕانی بوو كە لە ژیانی خۆماندا بە سیاسەت یان رامیاری ناوی دەبەین، بە واتا بەڕێوەبردن و حوكمرانی لە رێگەی دەزگاكانەوە كە ژیانی ئابووری و كۆمەلأیەتی ئێمە رێكدەخات. ئەم سێ مەحاڵە وەك سێ دەرگای پۆلأیینی داخراو، تەنها بە بوونی مەعریفەیەكی گەورە دەكرێنەوە كە لە دەزگاكانی پەروەردەدا كلیلەكانی ئەم دەرگایانە یان سێ مەحاڵە دەدۆزرێنەوە.

گەر كەسێك دەیەوێت تێبگات باس لە چ رق و كینە و دوژمنكاری و شەڕانگێزیەك دەكەم. با بگەرێتەوە بۆ هەڵبژاردنەكانی كوردستان، لە هاوینی ساڵی (2009) و كۆتایی زستانی ئەمساڵ كە دوور بوو لە رۆحی ئاشتیەوانی و شارستانی، هەر لە شەڕە پەڕۆ و دڕدۆنگی هاوپۆلەكان و هاوسێكان تا دەگاتە شەڕەجنێوی سەركردەكان و بنكردەكان، خودی حیزب لەم ولأتە كارگەیەكی گەورەیە بۆ رق و كینە چاندن لە دڵ و دەروونی ئەندامەكانی، هەر مێژووی شەڕی براكوژی نێوان حیزبەكان لە چل ساڵی رابردوودا بەڵگەی نەبوونی سیاسەت و شۆڕشێكی عەقلأنیە كە لە دوا دەرئەنجامدا مردنی دەزگاكانی پەروەردەیە، ئێمە نۆزدە ساڵ لەمەوبەر بوو راپەڕین و زیندانەكانمان رووخاند، بەلأم هەرگیز نەماتوانی بەندیخانەكانی ناو رۆح و دڵ و كەللەی ئادەمیزادەكان برمێنین.

2010/3/7